موسەنا ئەمین: زیندانیانی سیاسیی هەرەمی کوردستان دەچێتە سەر بەغدا

ئەندامێکی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق دەڵێت، ڕەشنووسی هەمواری یاسای زیندانییە سیاسییەکانیان داوەتە ئەنجوومەنی دەوڵەت، دوای پەسندکردنی لە پەرلەمان مووچەی زیندانیانی سیاسیی هەرەمی کوردستان و عێراق هاوتا دەکرێت و میلاکەکانیان دەگوازرێتەوە سەر دەزگای زیندانییە سیاسییەکانی عێراق.

ئەمە چوارشەمە ،د. موسەننا ئەمین، ئەندامی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە هەڵەبجە ڕایگەیاند، "هەڵەبجە کەمەک قەرەبوو و شایستەی هەیە، کە دەبێت حکومەتی فیدراڵی بیکاتەوە. یەک لەو قەرەبووانە تایبەتە بە وەزارەتی کێچ و کێچبەران، ئەو هاووڵاتییانەی پارێزگای هەڵەبجە کە لە ئێران گەڕاونەتەوە، پێویستە مافی قەرەبوو وەربگرن و دەبێت حکومەتی هەرەمی کوردستانیش هاوکار بێت لە پێدانی زەوی پێیان."

ئەمینق ڕوونی کردەوە، "ئەو هەمواریە بە یاسای زیندانییە سیاسییەکان کراوە، تەنیا بە خەکی هەڵەبجە، هەورامان و شارەزوور نەکراوە، بەڵکو هەموو زیندانییە سیاسییەکانی هەرەمی کوردستان ماف و شایستەکانیان هاوتا دەکرێت لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکانی عێراق و دەچنە سەر بەغدا."